# بەهار ....

## ئەو وەرزەی کە هەموو ڕوداوەکان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە..!

قسەیەکی پێشوەخت

**ـ بیست ساڵ لەمەوبەر لەتەمەنێکی زۆر هەرزەدا....لەوزەمەنەی کەتازەبەتازەخەریک بوو خوێندن دەبێتە خولیا .جارێکیان هاوڕێ یەکم [ژانی گەل]ی بۆهێنا بووم پێشتریش پێی گوتم: باکەس نەزانێت من ئەو جۆرە کتێبانە دەخوێنمەوە..!؟.جا لەو زەمەنەدا کەلەزۆری کتێبەکە تێنەئەگیشتم ناچاردەبوایە بەدزیشەوە بیخوێنمەوە ...بۆ نەگبەتیش نیوەڕۆیەکیان،کە هێشتامن لەلاپەرە سەرتای یەکانی [ژانی گەل]بووم!؟کتێبەکە کەوتە بەردەست باوکم...بێ یەک و دوو لەبن دەستمی کردەوەو خستیە ناوتونی حەمامەکەو سوتاندی... لەگەڵ کڵپەهەستان لەلاپەرەکانی کتێبەکەبە دەنگێکی بەرزو توڕەشەوە گوتی ئەگەر دەتەوێت ئەم ماڵەمان بەسەردا نەڕوخێنن جارێکی ترکتێبی وا مەهێنەرە وەماڵەوە ...؟!**

**ـ لەم ڕۆژانەشدا هاوسات لەگەڵ پیرۆز ڕاگرتنی نەورۆزو بەهارو ڕاپەڕیندا ،بەهۆی چەند نوسینێکمەوە ،باوکم بەهەمان ئەونەبرەیەی کەبیست ساڵ لەمەوبەربەگوێدادام بەتورەییەکەوە ئەم جارە  پێی گوتمەوە، ئەگەر بەنیازیت بگەڕێتەوە کوردستان واز لەنوسین  بێنە...؟!**

**کامەران ئیسحاق پەری**

سوید

**بەهار.** وەرزی سەوزی ونوێ بونەوە،وەرزی هیواو ژیانەوە،ئەو وەرزەی کەویست و ئارەزووی مرۆڤ ئەگەشێنێتەوە ، ئەو وەرزەی لەگەڵ هەموو ناخۆشی ونەهامەتیەکانی مرۆڤی کوردا هاوئاهەنگ ویەکانگیرە....؟!

لەلای هەمووگەلانی دونیا بەهار وەرزێکی شۆخ و قەشەنگە،هەمووان لەبەهاردا ئامیزی گەرمی بۆدەکەنەوە،وەلێ لەلای، میلەتی  کورد زیاتر لەمەو قوڵتر لەمە بیر لەبەهار دەکرێتەوە وسەیر دەکرێت.چمکێکم جگەلەوەی کەبەهار خۆی وەک وەرز، وەرزی کۆتای پێ هێنانە بەسەرماوەرز، بەهار وەک (ڕۆژی نوێ) بەهار وەک ڕاپەڕین ،کیمیاوی ،هەڵەبجە ،ئەنفال، کۆرەو، ..یش دیتەوە بەرچاو ولەگوێدادەزرینگێتەوە.

شازدە ساڵ لەمەوبەر کوردبە ڕاپەڕینێکی بێ وێنە،لەمێژووی خەباتی نەپساوەی شکۆدارکردنی یادی نەورۆز و زەمەنی گەڕانەوەی نێرگزدا خەم و پەژارە و ناسۆر و قینی خەفە کراو و ڕقی چەندساڵەی، دەردەسەری ونەهامەتی،وستەم لێکراوی خۆی بەسەر مۆڵگە وبازگە و شوراکانی ستەم هەڵ ڕشت لەو ساڵ و بەروارەدا خەباتی کوردو یادکردنەوەی بەهارو نەورۆز تێپەڕاندنێکی (نەوعی) جۆرایەتی بەخۆیەوە بینی،کورد بەراپەرین جارێکی تر منەت باری بەهاربوە وە . وەلێ مەخابن هەمووی زەمەنێکی کورت بوو ،ئیدی ڕاپەڕین لەجیات ئەوەی ببێتە دەسکەوتێکی گەورەی نیشتیمانی.. لەبری ئەوەی ببێتە سونبولێک ،هێمایەک بۆ گۆڕان وخۆشگوزەرانی ڕۆژ بە ڕۆژ،سات بەدوای سات  لەگەڵ هەموو دورکەوتنەوە یەک لەو ساتە حەماسگەرایانەی کەئەو ڕۆژەیان دروست کرد بوو ،بەهێمنی و زۆر لە سەرخۆ لەگەڵ زەمەندا بوە داخ و خەمێکی قوڵ وگەورەی نیشتیمان. خوێنەری بەرێز ئەز لێرەدا ناخوازم لەڕۆڵ و بەهاو سەنگی ڕوداوێکی گرنگی وەک ڕاپەڕین ی بەهاری ساڵی 1991 کەم بکەمەوە، ناشمەوێت بەچاوی بەراورد تەماشای بارودۆخی

کورد بەر لەڕاپەرین ودوای ڕاپەرین باس لەڕووداوەکە بکەم،ناشخوازم مەرگێکی کتوپڕ بەسەر ڕاپەڕین بسەپێنم ،بەڵام مەبەستمە، گەرەکمە بەجۆرێکی تر لەڕاپەرین وزەمەنی گەڕانەوەی نێرگز بدوێم بە جۆرێک کەئیدی چاو لەهیچ نەپۆشین و ڕاستیەکانیش، هەرچەندە تاڵ و ڕەزاگران بن بدرکێنرێن..بەسیەتی ئیدی با لەوە زیاتر خۆمان هەڵنەخڵەتێنین و واتێبگەین کە کورد بەو ڕاپەڕینە خێری لەخۆ دیوە، بەو ڕاپەڕینە زۆری دەسکەوتوەو کەمی لەدەست داوە. وەختیەتی ئیتر ،دەسەڵاتەکەمان سەردەستەی ماف خوازەکانمان ،ئاشتی پارێزانمان لەوەتێبگەن کە ڕاپەرین خەڵکی هەژار و ڕەش وڕوتی کوردستان کردیان، ئەو خەڵکەی کە پێشتر پێشمەرگەو،ڕێکخستن و ،تێکۆشەرەکان یاخود پاشماوەی هەڵەبجەو ئەنفالکراوەکان بوون جا کەڕاپەڕین جەماوەر کردبێتی هیچ پێویست ناکات ئەمڕۆکە لەکلتوری یادکردنەوەی ڕاپەرینی کوردا ببێتە منەت بەسەر تاک وهاوڵاتی کوردەوە..پاشان ئەوەندەی من ئاگادارم لەهەموو جیهاندا خەڵک ومیلەتی ستەم لێکراو کە ڕادەپەڕێت، کەیاخی دەبێت..! یاخود کە بەرەنگاری ستەم دەبێتەوە،تەنهاو تەنها لەپێناو ئەوەیە کەبارە ناهەموارەکە بگۆڕێت بەجۆرێکیش بیگۆڕێت کەباشتر بێت نەک خراپتری لێ بقەومێت، و جگە لەقەیرانەکانی پێشخۆی قەیرانێکی تر چرۆ پێ بکات و لەداهاتوشدا بەدەستی خۆی بچەوسێتەوە، ئەگەرکەمێک گشتگیرتر ڕەخنە لەڕاپەرین بگرین ئەبێت بڵێن کەتاقە ڕاپەڕین و بەرنگاربونەوە ویاخی بوون کەلەجیهاندا هەبێت ئەو ئامانجەی نەپێکابێت ڕاپەڕینی بەهاری 1991ی خەڵکی خێر لەخۆ نەدیوی کوردستانە ،ڕاستە ئێمە بەهۆی ڕاپەڕین بەشێوەیەکی کاتی و بەڕواڵەت لەدەستی مەزنترین ئەژدیهاو بەدناوی ئەم جیهانە ڕزگارمان بوو بەڵام هەر بەهۆی ناوەڕۆک وکاردانەوەی خراپی مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکی ڕاپەڕین زۆرشتی گەورەشمان لەدەست چووە...ئەگەر لێم بپرسیت ئەو شتە گەورەیە چی یە کەمن باسی لێوە دەکەم...؟یاخود ڕەنگە بڵێین ئەو بوختانە گەورەیە چی یە کە من بەنیازم بۆ یادی ڕاپەڕین هەڵی بەستم. پێت دەڵێم ڕۆحی نیشتیمانی یەتی کوردە..هەستکردنە بەهاوڵاتی یەتی کە ئەمڕۆ لەدەست دراوە، وشوێنێک نەماوە لەناخ و ویژدانی جفاتی کوردا پێی بوترێت (کوردایەتی)..کوردایەتی ئەو زاراوەیەی کەچەندین ڕۆڵەی بەجەرگی شارو دێهاتەکان لەپێناویدا بەکردار ماڵ و حاڵ وکەس وکار و خوێندن ی خۆیان لەسەردanaوە. سەرئەنجام حیزبایەتی جێگەی کوردایەتی گرتەوە ئەم جارەش دەیڵێمەوە ڕاستە بەهۆی ڕاپەڕین کەمێک کوردستان حەسایەوە، ئاسودە بوو وەلێ ئەو حەسانەوەیە،ئەو ئاسودەی یە فرە کورت بوو .ئەشتوانم بڵێم لەئاست گەورەی چەمکی یاخی بوون بێ نرخ وسەدا بوو،و دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینیش هەنوکە لەئاست داخوازییەکانی ئەمڕۆی شەقامی کوردیدا خۆنابینێتەوە.. ئەمڕۆ کەیادی بەهارو نەورۆز و ڕاپەرین وهەڵەبجە ئەکەینەوە جێی خۆیەتی کەمێک بەم شتانە بچینەوە لێیان وردبینەوە، وبەجۆرێکی تر لەمێژووی وەرزی ڕوداوەکان و ڕاپەڕین بدوێن....من نامەوێت بە دەستوری بەرپرسەکان بەشان و باڵی ڕاپەڕین بێمە خوارەوە ناشمەوێت بەنەریتی شاعیرەکان قەسیدەیەکی بێ وەزن وقافییە بۆ یادی ئەو ڕۆژە پڕ لەسەروەرییەی کەناوی ڕاپەڕینە ،نەورۆزە،هەڵەبجەیە..بهۆنمەوە وەیاخود ئاوازو سرودیکی تری نیشتیمانی لەپاڵ سرودەکانی پێش خۆیان دابهێنم ، بەڵکو ئەمەوێت لێرەوە بانگەشەی گۆڕان بکەم ،گەرەکمە کۆمەڵێک شت بە بیر بخەمەوە کەڕەنگە ئەمڕۆ کورد لەبەر مەشغەڵەت و ڕەخنەکانی لە دەسەڵات ،لەبەرهەڵپەی بۆدابینکردنی بژێویەکی باشتروژیانێکی ئاسودە تر لەبیر خۆی بردبێت..و لەڕێچەکەی ڕاستەقینەی داکۆکی کردن بۆگۆڕان لایدابێت لەم بارەیەشەوە جێ خۆیەتی قسەیەکی (سارتەر) بهێنینەوە گۆڕ کە دەڵێت:

" گرنگ ئەوە نییە ژیان باس بکەیت گرنگ ئەوەیە بیگۆڕیت."

خەڵکینە،بەرلەهەمووشتێک ئەبێت ڕاشکاوانە دان بەوهەقەتە بنێن کە ڕاپەڕین وەک پرۆسە لەو زەمەندا بە کاڵ وکرچی دەستی پێکردو بەناتەواویش کۆتای پێ هێنرا، ڕاپەڕین کۆرەوی بەدواوە بوو،ڕاپەڕین شەری ناوخۆی هێنایە کایەوە

،ڕاپەڕین پارتی خیانەتکاری دروستکرد، ڕاپەڕین دوو هەرێم ودوو سەرکردەو دوو حوکمەتی هێنایە بوون ،ڕاپەڕین بوە هۆی کۆچکردن وسەرگەردانی پتر لەنیو ملیۆن مرۆڤی کورد بۆ هەندەران ،ڕاپەرین،خەڵکی کوردستانی گەراندەوە بۆسەردەمەکانی تاریکی گەڕاندیەوە بۆ ئەو چەرخەی کە مرۆڤ لەبەر ڕۆشنای وپڵتەپڵتی چرا نەوتاویەکاندا ڕۆژی دەکردەوە،ڕاپەرین گەندەڵی هێنایەکایەوە، ڕاپەڕین لە جەولەیەکیدا فێری تاڵانچیەتی کردین. بەم دواییانەش. لەجەولەیەکی تریدا..واخەریکە خەونی گەڕانەوەی کەرکوکی پێ لەبار ئەبرێت...زۆر بلێ نییە ئەگەر بڵێین بۆ ئەمڕۆ جگە لەبازرگانەکانی موەلیدەی کارەباو بازاری ڕەشی سوتەمەنی کەسی ترخێری لەڕاپەرین نەدیوە و کەس لەسایەی بەیداخی ڕاپەڕین ئۆخەی نەگوتوە کەس بەهۆی ڕاپەرین نەحەساوەتەوە .خۆئەگەر قسە لەسەر ئەوە بێت کە ئێمە پێش ڕاپەرین لەوەزعێکی ناهەموار بووین. .ڕۆژان ئەڕۆی وزوڵم وزۆرداری زیادی ئەکرد،شەوان ئەرۆی وفرچەی هەناوی دایکان زیادی ئەکرد سات بەسات خراپتر لەپێشەکانی بەدەستی دوژمنانمان ئەچەوسێنراین،قەتڵ وعام مان پێ دەکرا،گۆڕی بەکۆمەڵمان بۆهەڵدەکەنرا ڕۆڵەکانمان بێ سەروشوێن ئەکران..ئەی ئەمڕۆ لەسایەی کام دەسەڵاتی فەرمانڕەوا گەنجەکانمان کۆچ دەکەن؟لەسایەی کام باردا لە ئاست گەندەڵی ومشەخۆری، ونەبوونی.سادەترین خزمەتگوزاری ..وکوشتنی خەونەکان بێدەنگین بێگومان لەسایەی ئەو دەسەڵاتەی کەخۆی بەپێشرەوی بیری ڕاپەرین وئازادی ئەزانێت..کەوا بوو جێی خۆیەتی ئەمڕۆکە هاوسات لەگەڵ شکۆدارکردنی یادە نەمرەکان،جڤاتی کوردی کار وتواناکانی بۆ بەگەرخستنی شۆڕشێکی فرەلایەن وگشتگیر  بکات و لەپاڵیدا پەند و عیبرەت لەخەوشەکانی ڕاپەڕین وەرگرێت. ..شۆرش نەک ڕاپەڕین لەبەر ئەوەی ڕاپەڕین لەئاست بیرو گەورەی شۆرشدا گەلێ بچوکترە...خوێنەری بەڕێز یەکێک لەشکست وقەیرانە هەرە گەورەکانی ڕاپەرین کەهەستی پێناکرێت، و زۆرجاریش گەوجانەیان بەئاگا لەفەرهەنگ و ئەجیندە وئارشیفی حیزبەکاندا بەدەستکەوت وسەروەری یەکی گەورەی نیشتیمانی تەڵقینکراوە هێنایەکایەی نەوەیەکی نەخوێندەوار بوو..؟! ئاخر ئەمە کێشەیەکی گەورەیە تۆ لەکوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆدا کتێب چاپ بکەیت خوێنەری نەبێت ڕۆژنامە دەربکەیت کڕیاری نەبێت تەلەڤیزۆنت هەبێت بینەری نەبیت ڕادیۆت هەبێت وکەس نەبێت گوێ بیستی بێت...گەندەڵت هەبێت لێپرسینەوەی نەبێت ،تاوانبارت هەبێت دادگای  نەبێت ،یاساودەستورت هەبێت وجێبەجێ کەری نەبێت،..ئۆتۆمبیلت هەبێت شەقامت نەبێت .گوندت هەبێت گوندنشینت نەبێت ،شارت نەبێت وشارنشینت هەبێت،ماسیت هەبێت ئاوت نەبێت، شێتت هەبێت شێتخانەت نەبێت ،پیرت هەبێت،گەنجت نەبێت...ئەمە لەمێژووی .دەسکەوت و کلتوری هیچ ڕاپەڕینێک سەرکەوتودا بەدی ناکرێت تەنهالە فەرهەنگی دەسکەوتەکانی ڕاپەرینی سەرکەوتوی کوردا نەبێت...!؟

خۆئەگەربپرسیت ..؟

بەڕای تۆ چی بەکەین باشە؟...چی بکەین تاکو ڕاپەڕین هەر باسکردن وشکۆدارکردنی ڕۆڵی حیزب نەبێت چی بکەین تاکو ژیان بگۆڕین ..!چی بکەین تاوەکو چەمکی یاخی بوون و ڕاپەڕین وبەرنگاری بوونەوە لەهزری تاکی کوردا زیندو بکەینەوە؟

دەڵێم : پێم باشەچی دی قسە لەسەر بەرپرسەکانمان نەکەین چی دی پێیان نەڵێین ئێوە بەدکارن. بەڕای من ئەوە باشترین هەنگاوە بۆئەوەی ئێمە شۆڕشەکەمانی پێدەست پێبکەین  چمکێکم پێدەچێت ئەم قسانەی ئێمە (ئەم هەموو ڕەخنانەی ئێمە) بەگوێ دەسەڵاتدارنمان نەچیت، پێ دەچێت تاڵەمویەکی هەستیار لەلەشیان نەبزوێنیت..بۆیەکا باشتر وایە بەدوای ڕێگەیەکی تری بەرەنگاری ویاخی بوون بگەڕێن ئەو ڕیگایە بگرینە بەر کەدەمانگەێنێتە ئەنجامێکی ڕاست و دروست. .ئازیزەکەم خۆت لەمن باشتر ئاگاداریت کەچۆن بەدرێژای ئەم چەند ساڵەی قسەکردن لەسەردەسەڵات و

هەڵسوکەوتی خراپی بەرپرسەکانمان  هیچ سودێکی ئەوتۆی نەبووە..؟ ودەریشکەوت کەقسە کردنەکەمان پەلارو توانجەکانمان ،رەخنەگرتنەکانمان بۆتە مەزەو نوکتەی شەوانی ڕابواردن ومەستبونیان.جالەپیناو لەدەست نەدانی ئەوەی کەماوە،لەپێناوی ئەوەی ڕەخنە نەکوژین بۆئەوەی ڕەخنە مسداقیەتی وناوبانگی پیرۆزی لەدەست نەدات باشتر وایە چی دی قسە بەدەسەڵاتی کوردی نەڵێین ولەپاڵیدا لەسەرخۆ کار بۆ دروستکردنی نەوەیەکی تری ڕاپەڕین بکەین ئەو نەوەیەی کەهیچ لەڕاپەڕین نازانێت وهیچ کام لەیادگاری یەتاڵەکانی سەردەمی ،شەڕەپەرۆی (کەسک و زەردو سورو قاوەی) لەزاکیرەدا هەڵنەگرتوە.لەوێشەوە ڕۆڵەکانی ئەونەوەیە کار بۆ شۆڕش بکەن: شۆرشێک نەچەک، نەتیرکوژ نەهوتاف نەشیعار، نەمانگرتن نەبەرگی حیزب،نەشەڕەپەڕۆ، نەخۆپیشاندان، نەبەشان هاتنەخوارەوەی بەرپرسان ،وخەلاتکردنی جەنگاوەران مارشی خەباتی بێت. شۆڕشێک بەسەر عەقڵی ڕۆشنفیکرانی بەر لەنەخوێنەوارانی شۆڕشێک بەسەرمامۆستاکانی ئینجا فێرخوازانی شۆڕشێک بەسەر هونەرمەندانی،ئینجاهونەر دۆستانی شۆرشیک بەسەر نەخۆشەکانی ئینجا کونێ پزیشکانی، بەسەرکۆرپە ئینجا دایکانی ،بەسەر نوسەر ئینجاخوێنەرانی  گشتی سەراپا پێویستی بەگۆڕینە هەمووی شۆڕشی گەرەکە،هەمووی ئەبێت لەڕەگ وریشەوە لەبن دەربێنی هەتاکونێ گڵی خاکە کەشمان پیس بوە نێرگزەکانیشمان،کەدەگەڕینەوەلامان بەسیسی دەگەڕێنەوە ،درۆم نەکردبێت جارجار بۆن مردووشیان لێ دێت...ئەبێت لەخاکەوە دەست پێ بکەین ئێمە ناتوانین گوڵەنێرگزێک لەبۆگەناوێکدا بچێنین .و بەنیازیشبین گەورەی بکەین چونکە هەرگیز نێرگز لە بۆگەناودا گەورە نابێت بۆن بەرنادات، ئەگەر بەموعجیزەش خونچەیەک دەربکات خونچەیەکی ڕەنگ ڕەشی،سیس هەڵگەراوی بۆن ناخۆش دەردەکات..جا بۆئەوەی چی دی نەبینە باخەوان وپاسەوان وشوانی باخچەو مێگەلێکی بۆگەن باپیکەوە هاو ئاهەنگی وکار بۆ لەناوبردن وتەفرو توناکردن و وناق بڕینی  ئەو بۆگەناوە بکەین ئینجا کونێ هەوڵی چاندنی گوڵە نێرگزێک بدەین....

7.3.2007

kamaran_pary@hotmail.com